# کوێستانی بێ هەڵۆ

## سەناریۆ بۆ فیلم

نووسینی تەیفور

زستانی ٢٠١٠

١- ژوورەوە/ ڕۆژ/هۆتێلێکی باش لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان.

دیوارەکانی نێو سالۆنەکە کەلوپەلی کەلەپووری کوردی پێوەیە.

گروپی وێنەگرتن: **شەماڵ** (دەرهێنەر) ، بیلال (وێنەگر) **سەرکەوت** (دەنگ) و **نەوزاد** (یاریدەدەرانی گروپ)، **خەیاڵ** (سکرێتێر- دەزگیرانی شەماڵ) لە دەور مێزێک دانیشتوون. لە مێزەکانی دیکە تاک و تەرا خەڵک دانیشتوون.

وێنە لەگەڵ سینییە چایەک کە بە دەست خزمەتکاری هۆتێلەکەوەیە، دەگەڕێ و دەگاتە سەر مێزەکە.

- **شەماڵ:** ئەو شوێنەی دیتمان لە ڕووناکی بەیانیدا باشە، دەکرێ بەیانان لە دەرەوە کار بکەین و دووای نیوەڕوان لە ژووری.

(بیلال بە داتەکاندنی سەر تایید دەکا.)

- **خەیاڵ**: دەبێ بزانین منداڵەکان بەیانان دەچنە مەکتەب یان دووای نیوەڕۆ.
- شەماڵ: کوڕە چکۆلەکە، ارێ ناوی چ بوو؟
- **سەرکەوت**: مەمۆ
- **شەماڵ** : مەمۆ کە ناچێتە مەکتەب، تەنیا خۆشکەکەیە، (ڕوو لە خەیاڵ) لەبیرت بێ ئێستا کە دێن لێیان بپرسە.
- خەیاڵ (چاو لە سەعاتەکەی دەستی دەکا) دەبووا ئێستا گەییشتبان، نەکا شۆفێرەکە ماڵەکەی نەدیبێتەوە.
- نەوزاد: من تلەفوونی بۆ دەکەم. (تلەفوونەکەی بە گوێیەوە دەنێ)

(چای دەخورێتەوە)

- نەوزاد: ئەرێ گەییشتنە کوێ کاک عەلی.....(گوێ دەدا و تلەفوونەکە قەپات دەکا.)

ئەوە سەیارەکە پارک دەکا، لێرەن.

وێنەگر و یاریدەدەرەکان هەڵدەستن چێگا بۆ دوو سێ کورسی خۆش دەکەن.

خەیاڵ بەرەو دەرکە دەچێ و لەگەڵ قادر(باوکی منداڵەکان) و مەمۆ و لەیلا(خۆشکی مەمۆ)دا دەگەڕێتەوە، عەلی بە مەودایەک بە دوویانەوەیە. شەماڵ بەرەوپیریانەوە دەچێ و لەگەڵ قادر تەوقە دەکا و دەست بەسەری مەمۆدا دێنێ.

- شەماڵ: کاک قادر بەخێر بی.
- قادر: خەیر ببینی.
- شەماڵ: پاڵەوانی فیلمەکەمان چۆنە؟ ئەتۆ چۆنی لەیلا؟
- لەیلا: باشم

(بەرەو مێزەکە دێن و لە کاتی دانیشتندا)

- شەماڵ: (گروپەکە بە قادر دەناسێنێ) ئەوە کاک بیلال وێنەگرمانە، کاک سەرکەوت دەنگمان تۆمار دەکا و کاک نەوزاد یاریدەدەری گروپە، خەیاڵ خانیش کە دەناسی سەرپرشتی هەمووماننە.
- قادر: هەموولایەکتان هەر خۆش بن.
- شەماڵ: ئەی کوا؟ دایکیان نەهاتووە؟
- قادر: پێمان رازی نەبوو، ئیشالله جارێکیتر.
- شەماڵ: یانێ نایەوێ دەورەکە بگێڕێ، یا چێ؟
- قادر: دەبێ بۆ خۆت قسەی لەگەڵ بکەی.
- شەماڵ: ئەی، باشە. مەمۆ چ دەخۆی؟ (روو دەکاتە خەیاڵ کە بەسەر پێیەوەیە) ئەوە دەبێتە ئەرکی تۆ! ئێوە زمانی یەکتر باش دەزانن. ئەم ئێوارە سەرێکیان دەدەین.

## ٢- دەرەوە/ ئێوارە/ ماڵی قادر(لە هەژارئاوایەکی کەنار شاردا)

ماڵێکی چکۆلەی فەقیرانە. قادر و **خەجێ** (دایکی مەمۆ)، جەمیلە و مەمۆ، **هەڵمەت** (کوڕە گەورەی قادر)، شەماڵ و خەیاڵ و سەرکەوت و بیلال، لە حەوشەکەدان. شەماڵ چاو بە ماڵەکەدا دەگێڕێ. کەتێکی نیوە شکاو لە سووچی حەووشەکە دانراوە.

- خەجێ: فەرموون با بچینە ژوورەوە.
- خەیاڵ: من دێم لەوان گەڕێ. (دەچنە ژوورەوە)
- خەجێ: ئاخر ئاوا باش نییە.
- قادر: ئەمە کوڕە گەورەکەمە. هەڵمەت، گوتم داخۆ، ئەگەر بتانەوێ یارمەتیتان بدا؟
- شەماڵ: بۆ نە، سبەی وەرە یارمەتی کاک سەرکەوت بدە، بۆ دەنگ.
- کاک قادر خۆت چ دەکەی وەکوو ئیش؟
- قادر: کرێکاری دەکەم،
- شەماڵ : ئەم ماڵە هی خۆتە.
- قادر: نەخێر، بە کرێم گرتووە.
- شەماڵ: (روو لە سەرکەوت) ئەو بەڵگانە بۆ کاک قادر بخوێنەوە با ئیمزای بکا.

(روو لە جەمیلە)ئەتۆ بەیانان دەچییە مەکتەب یان دوای نیوەڕۆان؟
- جەمیلە: ئێستا مەکتەب داخراوە.
- شەماڵ: دووایە مەکتەبەکەم پیشان دەدەی؟
- جەمیلە: دوورە، زۆر دوورە، لەوبەری چۆمە.
- بیلال: وەرە نیشانم بدە. (پێکەوە دەچنە دەرێ)

سەرکەوت لەسەر کەتەکە لەگەڵ قادر دانیشتووە و خەریک خوێندنەوەی رێککەوتننامە بۆ قادرە، هەڵمەت بە دیاریەوە راوەستاوە، شەماڵ دەستی مەمۆ دەگرێ.
- شەماڵ: دا، وەرە بزانم!

## ٣- ژوورەوە/ ئێوارە/ ماڵی قادر

خەیاڵ و خەجێ لە چێشتخانەدا کە بە دەم ژوورەکەوەیە قسە دەکەن و چای ئامادە دەکەن.
- خەجێ: کوا ئەوە بە من دەکرێ، کچم. کونە مشکم لێ دەکەن بە قەیسەری.
- خەیاڵ : کێ دەیکا، با خەڵک هەر بڵێن.

- خەجێ: کێ دەیکا؟ براکانم، بابم،... ئەی قوڕم بەسەر، هەر ئاکتەریم مابوو.
- ئەی ئێمەی ژن نابێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین؟ هەتا کەی دەبێ بڕیار بە دەست ئەوان بێ.
- خەجێ: کچێ سەیری بە خوا. ئێمە فەقیرین. دەبا لە دەوڵەمەندەکانەوە دەست پێ بکا.

٤- گەڕانەوە بۆ دیمەنی ٢

- شەماڵ : (بە مومۆ دەڵێ) ئا لەوێیەوە هەڵێ بچۆ دەرکەکە پێیەوە دە!

مەمۆ چاو لە باوکی دەکا و دەچێ دەرکەکە پێیەوە دەدا. (مەمۆ هەڵدێ)

٥- گەڕانەوە بۆ دیمەنی ٣/ ژوورەوەی ماڵی قادر

(خەجێ سینی چای بە دەستەوەیە - سەرپۆشەکەی لە دەور ملی هاڵاندووە- )

- خەیاڵ: گرنگ قادر رازی بێ.
- خەجێ: ئەوە رازی بێ. هاه – بزانە بە تەڵاق دانیشم نادەی. (بانگی هەڵمەت دەکا)
- هەڵمەت وەرە ئەو چایە بەرە.

٦- گەڕانەوە بۆ دیمەنی ٤/ حەوش

(خەجێ بە سینییە چایەکەوە دێتەدەرێ – هەڵمەت لێی وەردەگرێ)

- خەجێ: ئەرێ ئەوە بۆ نەچوونە ژوورێ، قادر؟
- قادر: نەیانویست/ دەی فەرموو توخوا با بچینە ژوورێ، ئاوا باش نییە.
- خەیاڵ: ( گەیشتووەتە نێوان حەوشەکە. خەیاڵ لە منداڵەکان و قادر و.. وێنە دەگرێ. ***[ئەم کارەی خەیاڵ هەتا کۆتایی فیلمەکە لەگەڵ هەموو ئاکتەرەکان دووپات دەبێتەوە]***) ئاوەدان بێ، دەبێ

بڕۆین ئیشمان هەیە. چایەکانتان بخۆن. (لە پشت سەریەوە بیلال و جەمیلە دێنەوە نێو حەوش.)

- بیلال: هەتا مەکتەبەکە دەشتێکە، چارەکە ڕێگایەک دەبێ. دەکرێ هەر لەوێ تەسویر بکەین.
- شەماڵ: (بە دەم چای خواردنەوە) باشە بۆ ئەوەندە دوور؟
- قادر: ئەوێ ئاوەدانییەکی دیکەیە. ئێرە مەکتەبی کچانی تێدا نییە.
- شەماڵ: ئەوە چیرۆکەکە بە تەواوی دەکا بە ڕاستی. (بەسەر لە خەیاڵ دەپرسێ چ بوو-خەیاڵ سەر رادەوەشێنێ)
- شەماڵ (روو لە خەجێ) بۆ دەورەکە ناگێڕی؟ لەگەڵ منداڵەکانت دەبێ و هەمووتان پێکەوە، خۆش دەبێ.
- خەجێ: وللهی پێم ناکرێ.
- شەماڵ: ئەمە چیرۆکی وون بوونی منداڵێکە کە مەمۆ دەورەکەی دەگێڕێ. ئەتۆ وەک دایکی مەمۆ زۆر چاک دەتووانی دەورەکە بگێڕی. کاتێک من وون ببووم دایکم هەموو کوچە و کۆڵانی شار بە دوومدا گەڕا بوو.

(هەڵمەت پەرداخە بەتاڵەکان کۆ دەکاتەوە)

- خەجێ: ئەو بەڕاستی گەڕاوە، نەک لە سینەما دا.
- شەماڵ: کەیفی خۆتە.

(کامێرا دەکشێتەوە، گروپ لە دەرکە دەچنە دەرەوە)

## ٧- نێو سەیارە / ئێوارە/ ڕێگا

خەیاڵ سەیارە داژوێ، شەماڵ لە تەنیشتی دانیشووە، بیلال و نەوزاد لە پشتەوەن.

- بیلال: (دەشتەکەی تەنیشتی ڕێگا نیشان دەدا) ئەو دەشتە بۆ دیمەنی وونبوونەکە باشە.
- شەماڵ: دەبێ لە شوێنێکەوە تەسویر بکەین کە ئاوەدانی دیار نەبێ.

- نەوزاد: کورە هەر بیابان زۆرە.

- بیلال: ئەمە بە ماڵەکەیانەوە نزیکە، هاتووچوومان کەمتر دەبێ.

- شەماڵ: کێشەی ئێمە جارێ دایکەکەیە.

- بیلال: ئاکتەرێک بانگ دەکەین.

- شەماڵ: یەک ئاکتەر و باقیان ئاماتۆر، ئەویش ئاکتەری ئێرە. هە، سەرئێشەیە. (روو لە خەیاڵ) دابزانین خەیاڵ لە نێو خزم و کەسەکانیدا کەسێک رازی ناکا.

- خەیاڵ: ئەو شەو تلەفوونیان بۆ دەکەم.

- نەوزاد: ئەرێ بۆ پوری من نەهێنین.

- شەماڵ: تەمەنی چەندە؟

- نەوزاد: خۆی دەڵێ چوار بیست سێیان کەم.

(هەموو پێدەکەنن)

٨- دەرەوە/ بەر ماڵی قادر/ ئێوارە.

(مەمۆ و جەمیلە لەبەر دەرکەی ماڵی خۆیان لەگەڵ منداڵان کایە دەکەن.

٩- ژوورەوە/ ماڵی قادر/ ئێوارە

قادر لە سووچی ژوورەکەدا پشتی بە دیوارێکەوە داوە و پارە دەژمێرێ. خەجێ پەتاتە سپی دەکا.

هەڵمەت لە پاڵ تلەڤزیۆنەکە لە سێ سووچی ئەواندا هەڵتروشکاوە.

- خەجێ: هەڵمەت گیان دا ئەو منداڵانە بانگ کە، مەغریبە.

- هەڵمەت: دەنگیان دێ، کایە دەکەن. چ نییە.

- قادر: (برێ پارە دەخاتە لای خەجێ یەوە) هێندێ کەلوپەل بکڕە بۆ خۆت و منداڵان.

- خەجێ: چەندیان دایێ؟

- قادر: شتێکیان داوە.(برێ کەمتریش دەدا بە هەڵمەت) ئەوەش بۆ تۆ هەتا پارەی خۆت دەدەن.
- هەڵمەت: من پارەیان لێ وەرناگرم.
- قادر: خێرە؟
- هەڵمەت: دەمەوێ لەباتی پارە، لەگەڵ خۆیان بمبەن بۆ دەرەوە.
- قادر: هەهوو بەزمەکەیە. رۆڵە ئێستا تۆ دەبێ یارمەتی من بدەی. چاو لە نێو ماڵەکە بکە، لە برا و خۆشکەکەت بکە. من بە تەنێ و بە کرێکاری دەرەقەتی ئەو رەش رووتییە نایەم. نەختێک عەقڵت کۆ کەوە.
- هەڵمەت: لەوێوە پارەتان بۆ دەنێرم.
- قادر: ئەگەر پیاو پیاوی کار بێ، فەرموو لێرە کار بکە. فڕم بۆ دەق مەدە.
- هەڵمەت: لەوێ کاریش نەکەی پارەت هەیە.
- قادر: ئەرێ هەیە،... ئەو مامەتان مرد. ئێستا لێرەوە پارە بۆ ئەوێ دەچێ.
- خەجێ: بیبڕنەوە، ئێستا جارێ نە بەدارە و نە بە بار. ئەو هەرایەتان لە چییە.
- قادر: ئەو تلەڤزیۆنە پێکە با نەختێک چاو لە خارج بکەین.
- هەڵمەت:(هەڵدەستێ، پلێک بە تلەڤزیۆنەکەوە دەنێ هەڵیدەکا و بەرەو دەرکە دەڕوا) من دەچم بۆ ماڵی هیوا، ئەوان ساتلایتیان هەیە، ئەو شەو تۆپێنە.
- خەجێ: منداڵەکان بنێرە ژوورەوە.

(دەرکە بە دووی هەڵمەتدا پیوە دەدرێ)

### ١٠- ژوورێک لە هۆتێلدا/ ئێوارە

(شەماڵ لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەیەوە راوەستاوە و تەواشای دیمەنی شەو دەکا. دەنگی خەیاڵ دەبیسترێ کە بە تلەفوون قسە دەکا.)

- خەیاڵ: ئەی باشە، ئەویش بهێنە، بەیانی پڕۆڤە دەست پێدەکا. (تلەفوونکە قەپات دەکا) پورم رازی بوو، دێ.
- شەماڵ: مێردەکەی ئیزنی دەدا؟
- مێردی نییە، بەڵام کچەکەی لەگەڵ خۆی دێنێ.
- شەماڵ: (ئاوری لێ دەداتەوە بە نەخت بە نەختێک تەشەرەوە ) پیرۆزە، ئەو چەند ساڵانە.
- خەیاڵ: (لە سەر تەختی خەوەکە بە ماندوویەوە رادەکشێ) پورم دەوری چلە، کچەکەشی هەژدە یان نۆزدەیە.
- شەماڵ: بە عەلی بڵێین با هاتووچوویان تەرتیب بکا. (ماوەیەک بێدەنگی)
- خەیاڵ: دایکم دەڵێ: کەی شایی دەکەن.
- شەماڵ: (بە توندی ئاور دەداتەوە) ئەی... ئەتۆ چت گوت؟
- خەیاڵ: چ بڵێم، گوتم نازانم.
- شەماڵ: ئەی ........؟
- خەیاڵ: براکانم هەڕەشە دەکەن.
- شەماڵ: نێوزەد کردن و ئاڵقە و مارەبڕین و شایی و میوانی، بۆ رازی کردنی براکانت بەس نەبوو؟
- خەیاڵ : ئەمانیش ئاخرلە تانە و تەشەری خەڵک دەترسن. لە نێو خەڵک دان. زاری خەڵک نابەسترێ.
- شەماڵ: وا دیارە ئەتۆش لە جەبهەی ئەوان دای و ئەو قسە کۆنانە دەکەی کە خۆت دژی بووی.
- خەیاڵ: خۆ ئێمە دەمانەوێ زەماوەند بکەین با زووتر بێ و قسەش ببڕدرێتەوە....لەم وولاتە کێشەکان بە شێوەیەکی دیکە دەچێتە پێشەوە.
- شەماڵ: وەکوو....؟
- خەیاڵ: وەکوو، دەتوانن پێشی من بگرن کە نەیمە دەرێ.

- شەماڵ: پێیان بڵێ با فیلمەکە تەواو بێ... ئێستا کوا مێشکی ئەم شتانەم هەیە. (بە پێکەنینەوە بەرەو خەیاڵ دەچێ) ئەگەر خۆت زەماوەنت دەوێ ئەوە شتێکی دیکەیە.

فـــــــــید

## ١١- ژوورەوە/ رۆژ/ ماڵی قادر لە فیلمەکەدا(ستۆدیۆ)

ماڵێکی ئاسایی چەندین ساڵ لەمەوبەر. شەماڵ و گروپی فیلم دەبیندرێن پوری خەیاڵ "پەری" لە گەڵ کچەکەی "شادی" لەوێن. شادی دەفتەرێکی بە دەستەوەیە لە پاڵ کامێرا راوەستاوە. بیلال پێی دەڵێ کە چ بکا.

- بیلال: هەرکات کە کامێرا رادەوەستێ ئەو ژمارە (ئاماژە بە شاشەی کامێراکە دەکا) لەو چوارگۆشەدا دەنووسی.
- شادی: بە پێکەنینەوە. باشە، زۆر ئاسانە.
- شەماڵ: (روو لە جەمیلە و مەمۆ) چیرۆکەکە ئاوایە: بابە جووتێک پێڵاوی کڕیوە بۆ جەمیلە، چوونکە دەچێتە مەکتەب. بەڵام بۆ مەمۆی نەکڕیوە. چوونکە هێشتا لە ماڵە. مەمۆش بیانووی کەوشی گرتووە.... ئێستا تۆ جانتاکەت هەڵگرە (دەبێتە دیمەنی فیلمەکە جلەکان دەگۆڕدرێ و رووناکی فیلمەکە نەختێک جیاواز دەبێ. دەنگی دەرهێنەر نامێنێ.)( لێرەوە بەولا هەڵمەت میکرۆفۆنەکە دەگرێ.)

## ١٢- ژووری/رۆژ/ ماڵی قادر لە فیلمەکەدا

(پەری خەریک کاری ناوماڵە، جەمیلە جانتای هەڵگرتووە و تایەک لە کەوشەکەی لەپێ کردووە. مەمۆ ئەو تاکەی دیکەی گرتووە و جەمیلە دەیکێشێ)

- مەمۆ: بابە گوتی هی هەردووکمانە.
- جەمیلە: (هاوار دەکا) داااایـــــە.
- پەری: (بە دەنگی بەرز) رۆڵە راوەستە با لە مەکتەب بێتەوە ئەوجا تۆ لە پێ کە، بە نۆبە کورم.
- جەمیلە: (ئەو تاکەش لە پێ دەکا) دایە من رویشتم.
- پەری: برۆ بە خێر چی کچم.
- مەمۆ (لە سووچێک دانیشتووە و بە ورتەورت) مەکتەب، مەکتەب.
- پەری: هەستە برۆ دەرگاکە پێوە دە، دیسان خۆشکت لەبیری چوو.

(مەمۆ هەڵدەستێ و لە دەرکە دەچێتە دەرەوە.)

١٣- دەرەوە/رۆژ / ناو حەوشی ماڵی قادر لە فیلمەکەدا

(حەوشێکی گەورە، شەماڵ لە نێو کۆڵان راوەستاوە - دەرکە نیوە تاکە- مەمۆ لە بن حەوشەکە راوەستاوە)

- شەماڵ: وەرە
- نەوزاد: برۆ

(دەبێتە شێوەی فیلم)

(مەمۆ لە دەرکەوە سەر دەکێشێتە دەرەوە و دەبینێ کە خۆشکی لە سێ رێیانەکەوە با دەداتەوە- لاق و کەوشەکان دەبینێ- بە رفان دێتە نێو کۆڵان و بەرەو سێ رێیانەکە دەروا و چاو لە نێو کۆڵانەکەی دیکە دەکا. جەمیلە لە بن کۆڵانەکەوە دیارە. چەند منداڵ پەتێکیان لە لاقی چۆلەکەیەک بەستووە و بە دوویدا هەڵدێن. مەمۆ تاوێک بە دیار ئەوانەوە دەوەستێ و چاو لە فرینی چۆلەکە دەکا. دووایە وەک وەبیری بێتەوە، هەڵدێ بەرەو بنی کۆڵانەکە. لە چوار رێیانەکە نەختێک چاو لە ئەملا و ئەولا دەکا، نازانێ جەمیلە بە کوێدا چووە. لای چەپ دەگرێ و دەروا.)

١٤- دەشتێ دەرەوەی ماڵان /رۆژ.

(مەمۆ لەبەر دەشتەکە راوەستاوە، کەس دیار نییە. دوو رێگا بە نێو دەشتەکەدا هەیە. یەکیان دەگرێتە بەر.)

**١٥- ژووری/ - هەمان کات/ رۆژ/ماڵی قادر لە فیلمەکەدا** (بە شێوەی فیلم)

- **پەری: مەمۆ... مەمۆ!** (وەڵام نییە- دەچێ بەرەو دەرەوە)

**١٦- رۆژ/ دەرەوە نێو کۆڵان** (بە شێوەی فیلم)

(پەری بانگی مومۆ دەکا و چاو لە دەروبان دەگێڕێ. دەگاتە منداڵەکان و چۆلەکەکە)

- **پەری: ئەری ئێوە مەمۆتان نەدیتووە؟**
- **منداڵێک:** (لەم لا و ئەولا دەڕوانێ) **نە، لەگەڵ ئێمە نەبوو.**

(پەری بەرەو لای راست دەڕوا بۆ نێو کۆڵانەکانی تر.)

**١٧- / نێو کۆڵانەکان** (بە شێوەی فیلم) **/رۆژ**

- **پەری:** (لەگەڵ دوو ژن کە دەفری ئاویان پێیە قسە دەکا) **ئەری خۆشکێ بێرەدا هاتن داخوا مەمۆتان نەدیوە.**
- **ژنی یەکەم: نە والله.**
- **ژنی دووهەم: لە کەێیەوە دیار نییە.**
- **پەری:** (چاو دەگێڕێ ) **چارەکە سەعاتێک نابێ.**
- **ژنی یەکەم: دڵ لە دڵ مەدە داخوا لەگەڵ منداڵان کەوتووە.**

(پەری وەڕێ دەکەوێ، ژنەکان چاوێک لە یەکتر دەکەن، دەفرەکان دادەنێن و لە دووی دەکەون لە سەر کۆڵانەکە بە دەست ئیشارە دەکەن کە ئەوان بە لایەکی دیکەدا لێی دەگەڕن)

**١٨- دەرەوە/ نێو کۆڵانان/ رۆژ**(بە شێوەی فیلم)

(بەرە بەرە لە کۆڵانەکان ژن و منداڵ بەملا و ئەولا دا دەچن و بە کۆمەڵ و تاک لە مەمۆ دەگەڕن)

**١٩- دەرەوە/ بازاڕی دەست فرۆشان/ رۆژ**(بە شێوەی فیلم)

(چەند ژن لە پاڵ دیوار دانیشتوون و جل و بەرگی ژنانە دەفرۆشن، چەند کراسێک بە دیوارەوە هەڵاوسراوە. پەری بە دیاریانەوە رادەوەستێ، دەنگیان نابیسین. لەولاترەوە دووکانی بەقاڵییەک هەیە، ژنەکان دەست بۆ ئەوێ رادەکێشن. پەری دەڕواتە نێو دووکانەکەوە.)

**٢٠- دەرەوە/رۆژ/ چایخانە**(بە شێوەی فیلم)

(چەند پیاو لە بەر چایخانەیەک دانیشتوون، نێرگلە و چای لەبەردەستیان دایە. پیرەمێردێک بەوێدا تێدەپەڕێ.)

- پیاوی یەکەم: سۆفی وەرە چایەکمان لەگەڵ بخۆوە!
- سۆفی: نەوەڵلە کوڕە چکۆلەکەی قادری مام عەزیز ون بووە، هاتووم لێی بگەڕم. ئەرێ ئێوە نەتاندیوە بێرەدا هاتبێ.(دەڕوا)
- پیاوی دووهەم: ناوەللە(نێرگلەکەی لەولاترەوە دادەنێ) هەستن با ئێمەش دەورێک بدەینەوە. باوکی لای ئێوارە دێتەوە.
- پیاوی سێهەم: بیرەکان چاو لێ بکەین.
- پیاوی یەکەم: (بە دەم رێگاوە) هەر خۆیان بیریان هەیە و ماڵی حەمە ئاغا کە هی ئەوان ترومپای لە سەرە و کەسی تێ ناکەوێ.
- پیاوی دووهەم، دە با بچین بۆ ماڵی خۆیان.

**٢١- رۆژ/ کۆڵان**

(گروپی وێنە گرتن خەریک وێنەگرتنی ئەم دیمەنەن. خەیاڵ دەفتەرێکی بە دەستەوە و لەگەڵ پیاوەکان قسە دەکا)

- خەیاڵ: ئێوە لەولاوە دێن ژنەکان لەم لاوە. (دەڕوا بۆ لای ژنەکان کە لە نزیک شوێنی کامێراکەوە وەستاون.)

**٢٢- دەرەوە/ ڕۆژ** (بە شێوەی فیلم)

( پیاوان بە دەم ڕێگاوە ژنان دەبینن کە لە مەمۆ دەگەڕن)

**٢٣- حەوشی ماڵی قادرلە فیلمەکەدا / ڕۆژ** (بە شێوەی فیلم)

( پیاوی یەکەم وەکوو چووبێتە ناو بیرەکە و هاتبێتەوە دەرێ، هەتا نیوەی لەشی لە نێو بیرەکەدایە و دوو لقە داری بە دەستەوەیە - چەند پیاو و ژنی دیکە دەورەیان داوە)

- پیاوی یەکەم: ئەو دوو لقە دارە نەبێ چی تێدا نەبوو، زۆریش کەم ئاوە.
- پەری: (دست بە یەکدا دەسوێ) ئەی خودا چ بکەم، چ قوڕێکم بەسەردا کرا.
- ژنێک: چ نییە کچێ دێتەوە. دەیبینینەوە.

**٢٤- دەشتی دەرەوەی ئاوەدانی /ڕۆژ**

( گروپی فیلم خەریک فیلم گرتن لە مەمۆن لە بیابان کە بە پێخواسی و بە گریانەوە دەڕوا.)

- شەماڵ: ئێستا دەتووانین لە باتی مەمۆ مریشکێک سەر ببڕین و لەوێ دانێین کە قەل و داڵی لێی کۆ بێتەوە و کابرای ڕێبوار بزانێ شتێک لەوێ هەیە و بچێ مەمۆ بدۆزێتەوە.
- نەوزاد: قەل و داڵی چی، لە کوێ بهێنین. قەل و داڵی ئێرە هەر ئێمەین.
- شەماڵ: چۆن نییە؟
- نەوزاد: کاکە دیارە ئاگات لە دەوروبەر نییە. پەلەوەری گەورە نەماوە.
- شەماڵ: لەبەر چی؟ چۆن وا دەبێ؟
- هەڵمەت: دەڵێن هی تۆپ بارانەکانە، یاخۆ کیمیاوییەکەیە.

- شەماڵ : (لە ئاسمان دەڕوانێ، هیچ نابینێ) دەبێ لە شوێنێک هەر هەبێ.
- خەیاڵ: (تلەفوونێکی بۆ دێ). بەڵێ دایە. باشە، بەڵام... باشە دێم. شەماڵ من دەچمەوە، دایکمە کاریان پێمە.
- شەماڵ: خەیر بێ. (روو لە عەلی) دووایە وەرەوە ئێرە. ئێمە هەر لێرەین.

٢٥- دەرەوە/ دەشتی دەوری ئاوەدانی/شەو (بە شێوەی فیلم)

(خەڵکێک، ژن و پیاو، چرایان بە دەستەوەیە بڵاو بوونەتەوە، بە دووی مەمۆدا دەگەڕن و بانگی دەکەن. لە وێنەیەکدا گروپی فیلم دەبیندرێ، خەیاڵ لەگەڵ نییە)

(جەمیلە پێڵاوەکانی لە باوەش گرتووە، لە سووچێکی پشت ماڵان راوەستاوە، دەگرێ و چاوی لە دەشتەکە بڕیوە کە خەڵک بە چراوە دەگەڕن- قادر لە نێو خەڵکەکەدایە)

٢٦- شەو/ ژوورەوە/ماڵی خەیاڵ

(ماڵێکی تا رادەیەک دەوڵەمەند- خەیاڵ و دایکی خەریک ئامادەکردنی خواردنن)

- دایکی خەیاڵ: خۆ مێرد لە دنیادا نەبڕاوە. ئەمە نەبوو ئەویتر.
- خەیاڵ: من خۆشم دەوێ دایە. خۆشەویستی گڵۆپ نییە، هەڵیکەی و بیکوژێنییەوە.
- دایکی خەیاڵ: مەیکوژێنەوە، بەڵام پێم گوتی شەرتەها و شروتەها.
- خەیاڵ : بۆ من دەبێ ژیانی خۆم بکەمە قوربانی ئەوان.
- دایکی خەیاڵ: ئەوانی چی رۆڵە، براتن.
- خەیاڵ: (بە تووڕەییەوە) ئەگەر ئەوان لەباتی من بان هیچیان بۆ دەکردم؟... نە.
- دایکی خەیاڵ: ئەی، (بە دەم رۆیشتنەوە) ئەگەر سێبەری ئەوانت لەسەر نەبا، پێم دەگوتی. (دەچێتە دەرەوە).

(خەیاڵ بە تەنێ قاپ و قاچاخ ئامادە دەکا- دایکی دەگەڕێتەوە)

- دایکی خەیاڵ: بابت بانگت دەکا، (بە دەنگی نزم) تووڕەی نەکەی. ژیرانە قسە بکە.

## ٢٧- ژووریٚ/ شەو/ ماڵی خەیاڵ- ژووری میوانان

(ژوورێکی گەورە کە موبڵ و میزی باشی تێدایە. کۆمێدێک پڕە لە بلۆریاتی شێوە عەرەبی.)

- باب: (لە نێو ژوورەکەدا راوێچکە دەکا) وەرە دانیشە کچم.

(خەیاڵ وەکوو قوتابی دادەنیشێ، دەستی لەسەر کەوشی دادەنێ)

- ئەتۆ دەزانی من چەند خۆشم دەوێی. بەڵام ئێستا نازانم خەریکی چی، دەتەویٚ چ بکەی.
- خەیاڵ : بۆ بابە چ بووە؟
- باب: ئەم هاتووچووەت لەگەڵ ئەم کوڕەدا بە دڵم نییە. (دادەنیشێ)
- خەیاڵ: ئەو دەزگیرانی منە بابە. لەودواش ئەمە کارە، من گرێبەستم لەگەڵی هەیە.
- باب: (نەختێک دەنگی بەرز دەکاتەوە) هەتا مارە نەکراوی لەسەر ئێمەی و ئێمەش داب و رەوشتی خۆمان هەیە.
- خەیاڵ: ئاخر بابە....
- باب: (قسەکەی پێ دەبڕێ) وس بە با قسەکانم تەواو کەم. کار... کاری چی؟ بە سەری پەتی بە کۆڵاناندا دەسووڕێنەوە. کارت دەویٚ؟ دەیان ناسراوم هەیە. لە شوێنێک تەعینت دەکەم.
- خەیاڵ : تەعینی چی، من لەگەڵی دەچمە خارج.
- باب: ئەگەر راست بکا... زۆریان هاتوون، ئەو فێڵەیان لە خەڵک کردووە. (برا گەورە لە نێو دەرکە پەیدای دەبێ، دەیەویٚ بێتە ژووریٚ، باب بە ئیشارەتی دەست پێی دەڵێ بچێتە دەریٚ) ئەی با بێت بیبرێتەوە. خۆ هەر وا بە فشە نییە. ئەگەر دەیەویٚ دەبیٚ ملزەم بیٚ بەوەی براکانیشت راکێشیٚ. با مارەیی و چاک و خراپ دیار بیٚ.
- خەیاڵ: مارەیی چی خۆ نامفرۆشن؟

- باب: (مشتی گرێ دەکا) ئەم قسە قۆڕانە لە کوێیەوە هاتووە. نەخێر ئەتۆ ئابڕوی ئێمە بە ئەو دەفرۆشی. (هەڵدەستێتەوە) هەرچی زووتر، بپێی دەڵێی بێت بیبڕێتەوە. دەنا بچیتە دەرێ بە براکانت دەڵێم لاقت بشکێنن. ... هەستە بڕو یارمەتی دایکت بدە میوانمان هەیە.

۲۸- ژووری/ شەو/ماڵی خەیاڵ- چێشتخانە

(خەیاڵ دێتە ژووری- براکانی خەیاڵ لە دەور مێز دانیشتوون و شتێک دەخۆن. دایک بە کەوگیر خەریک تێکدانی برنجە - هەر کە خەیاڵ دەبینن بە پێکەنینەوە چاو لە یەکتر دەکەن- خەیاڵ بەرەو دایکی دەڕوا)

- برا چووکە: ئەو پانتۆڵە تەنگە لە کوێ دەفرۆشن؟ با یەکێکیش بکڕین بۆ دایە.
- برا گەورە: بۆ دەتەوێ باوکم شەوانە نەچێتە دەرێ.

(خەیاڵ بە تووڕەییەوە دەچێتە دەرەوە- دایە کەوگیرەکە هەڵدێنێ)

- دایکی خەیاڵ: زارتان دادەخەن یان نە. هەستن بڕۆن بەردەستم مەگرن. یاللە.

(کورەکان بە پێکەنینەوە نەختێک دەکشێنەوە)

- برای گەورە: (بە دەنگی نزم) بەر لەوە فیلمەکەیان تەواو بێ، دەبێ بزمارەکە داکوتین، دەنا دووایە مەکە لە کوێ، حاجی لە کوێ.

۲۹- ژوورەوە/ شەو/ ژووری خەیاڵ

(ژوورێکی رازاوەی کچانە، لە پاڵ ئاوێنەی سەر تاقچەکەدا، وێنەیەکی شەماڵ دانراوە. لە شان دەرکەکە وێنەی جۆربەجۆری ئاکتەرەکان لە دیوار دراوە./ خەیاڵ چاو بە فرمیسک لە بەرانبەر وێنەکەی شەماڵ راوەستاوە، هەڵیدەگرێ، لە قاپەکەی دەردێنێ دەیبا لە سەرەوەی وێنەی ئاکتەرەکانی دادەنێ. تاوێک چاویان لێدەکا، فرمیسکەکانی بە پشتی دەست دەسڕێتەوە، دەچێ لەسەر کەتی خەوەکە هەڵدەتروشکێ و باڵنجێک لەسەر گوێ خۆی دادەنێ.)

### ٣٠- دەرەوە/ کوێستان /ڕۆژ

(ئاگرێک هەڵکراوە- بیلال و هەڵمەت مریشکێکیان لە شەبەکە داوە و خەریک ئاگرەکەن)

- نەوزاد: (ڕوو لە شادی) وەرە با من و تۆ داران بێنین.

### ٣١- دەرەوە/ کوێستان /ڕۆژ

(شەماڵ و خەیاڵ لە لاپاڵێک دانیشتوون، بەردەمیان دەشت و دۆڵێکی زۆر بەربڵاو و قووڵە. شەماڵ بە دووربین چاو لە دەشت و کوێستانەکە دەکا.)

- شەماڵ: یەک پەلەوەر نابینی. (دووربینەکە دادەنێ) کوێستانی بێ هەڵۆ

(خەیاڵ دووربینەکە هەڵدەگرێ و چاوی پێوە دەنێ)

### ٣٢- دەرەوە/ کوێستان /ڕۆژ

(نەوزاد و شادی چیلکە کۆ دەکەنەوە)

- شادی: تویش لە خارجەوە هاتوویەوە؟
- نەوزاد: تەنیا خارجی نێومان جەنابی دەرهێنەرە. بۆ؟
- شادی: ئەی تۆ ناتەوێ بڕۆی؟
- نەوزاد: بۆ کوێ؟ ئەوانەی ڕۆیشتوون خەریکن دەگەڕێنەوە. نان لێرە و خوان لێرە، چم بە خارج داوە؟
- شادی: ئەرێ زۆریشیان پاش ماوەیەک هەڵدێنەوە. من دەڕۆم، هەرچۆنێک بێ هەر دەڕۆم.

(چەند هەنگاو دەڕۆن و دار هەڵدەگرنەوە)

- نەوزاد: ئەی ئەگەر خۆشەویستێک لێرە بدۆزییەوە.
- شادی: ئەو دەم پێکەوە دەڕوێن، ئەمە ژیان نییە ئێمە لێرە دەیکەین.
- نەوزاد: ئەی ئەگەر ئەو نەیویست؟

- شادی: نازانم، مەگەر ئەوەندە بهێنێ کە بە دیاریەوە دانیشم.

- نەوزاد: ( گوڵێکی بە دەستەوەیە دەیدا بە شادی) ئەگەر یەکێک وەکوو من بوو.

- شادی: دڵی خۆت خۆش مەکە!

### ٣٣- دەرەوە/ کوێستان /ڕۆژ

(شەماڵ و خەیاڵ لە تەنیستی یەکتر راکشاون و چاویان لە ئاسمان بڕیوە)

- شەماڵ: تێناگەم، بابت پەلەی لە چییە؟

- خەیاڵ: منیش تێناگەم، پێم وایە براکانم لەبن گوێ دەخوێنن.

- شەماڵ: هێنان و بردنی خەڵک بەو ئاسانییە نییە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە.

- خەیاڵ: ماڵ هەیە شەشیان رویشتووە.

- شەماڵ: نازانم، دەبێ کەس بناسی، خەڵکی شارەزا بدۆزییەوە، پارەت هەبێ. ئەمانەش هەموو کاتی دەوێ. هێندی کەس شارەزان، من نیم.

- خەیاڵ: ئەگەر نەچیتە لای بابم، ناهێڵن من بیمە سەرکار.

- شەماڵ: ئەی ئەو سەربەخۆییە کە باست دەکرد، چی لێهات... دەتووانی نەڕۆیەوە. لە هۆتێل ژوورێکت بۆ دەگرم.

- خەیاڵ: دابزانە بە کوشتنم نادەی.

- شەماڵ: دەڕۆم، دەڕۆم، بزانم چۆن دەبێ. ئەگەر توانیم رازییان بکەم ئەوە دەچیتەوە، دەنا... لە کوشتنیش مەترسە، دنیا بەو شێوەش بێ خاوەن نییە.

- خەیاڵ: بە قسە خۆشە، ئەتۆ هێشتا لەو وولاتە تێنەگەییشتووی. ، دنیام لێ دەکەنە جەهەننەم.

(عەلی لە پشتییانەوە پەیدا دەبێ، رێواسی پێیە و دەیانداتێ)

- عەلی: ئەو کوێستانە رێواسی چاکی لێیە.

(هەڵدەستن و بەرەو ئاورگەکە دەڕۆن)

٣٤- دەرەوە/ کوێستان /ڕۆژ

(نەوزاد و شادی بە پێکەنینەوە و هەرکام بە چەند چڵ دارەوە دێنەوە لای ئاورگەکە.)

- نەوزاد: کوا، ڕەییس نەهاتووەتەوە؟

(سەرهەڵدێنن، لەولاوە شەماڵ و خەیاڵ و عەلی دەردەکەون. هەتا ئەوان بگەنە ئاوهرگەکە، ئەمان نان و پێخۆر ئامادە دەکەن.)

- نەوزاد: چەند دانە هەڵۆتان دۆزییەوە؟........

- شەماڵ: (کامێرا بەرەو ئاسمان دەکشێ دەنگی شەماڵ)ئەو دیمەنە لا دەبەم.

- هەڵمەت: (بە دەم نان خواردنەوە) کاک شەماڵ، چەند ساڵە لەدەرەوەی؟

- شەماڵ: لە مێژە،... بۆ؟

- هەڵمەت: دەڵێن ئێستا بە هاسانی پەنابەری نادەن.

- شەماڵ: ئێستا کرێکاریان ناوێ، بۆ خۆیان بێکاریان زۆرە.

- شادی: خۆ هەر کرێکاری نییە، مرۆڤ دەتوانێ دەرس بخوێنێ... لێرە داهاتووت نییە.

- شەماڵ: پێت وایە لەوێ هەیە؟

- شادی: هەرچی بێ لێرە باشترە؟

- شەماڵ: کەسێ دەتوانێ ئەوە بڵێ کە هەر دوو لای دیتبێ. خوێندەواریت چەندە؟

- هەڵمەت: جا کوا خوێندن هەبوو. یان شەڕ بوو یان هەڵات هەڵات.

- شەماڵ: جا کرێکاریشت دەست ناکەوێ. دەبێ لانی کەم دە ساڵ زبان بخوێنی و هاوکات کار بکەی هەتا لەوێ بگەییە ئەو جێگا کە ئێستا لێرە تێدای. پێت وایە ئەو شتانەی لەوێ هەیە بۆ هەموو کەسیان هەیە؟ نا.... دەزانی شەست لە سەدی خەڵکی دنیا لە ئێوە خراپتر دەژین.

- هەڵمەت: پەنابەری سیاسی چی؟

- شەماڵ (پاروە نانەکەی دادەنێ و دەست هەڵدەپێکێ) من پێم وایە لێرە شتەکان بە چاکی شی نەکراونەتەوە، بۆیە خەڵک بە چاو بەستراوی لە گۆماو دەکەوێ. لە پێشدا ئەوە بڵێم کە ڕەنگە لەبەر خۆتانەوە بڵێن ئەوانە بۆ خۆیان لە ئاو پەڕیونەتەوە و خەمی ئێمەیان نییە. کەیفی خۆتانە چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ دەور گۆڕاوە، ئێستا ئیتر ئەو هەلە نەماوە. ئێستا ئێرە بە وولاتیخاوەن شەر دانارێ.
- شادی: ئەی بۆ ئەو هەموو خەڵکە دەڕۆن.
- شەماڵ: ئەو دەم بە دوو مانگ وەردەگیرای، ئێستا بە چوار ساڵیش وەلامت نایەتەوە.. ئەوەی ئەو کات رۆژئاوا دەیکرد مەبەستێکی تییدا بوو. ئەو کاتە تێپەڕیووە.
- نەوزاد: ئەو مەبەستە ئەوە نەبوو کە لەم وولاتانە دوست بۆ رۆژی مەبادای خۆیان پەیدا بکەن.
- شەماڵ: ڕەنگە بەشێکیشی ئەوە بووبێ. بەڵام زۆربەیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئێمە دۆست بوون. دەزانن، پاش شەڕی دووهەم کە وولاتانی رۆژهەلات پێک هات و شەڕی سەرد دەستی پێکرد. وولاتانی رۆژئاوا بڕیاریاندا کە ئەوەی لەو بلۆکەوە هەڵدێ وەکوو پەنابەری سیاسی وەرگیری. دیارە ئەمە بەرانبەرکێیەک بوو لەگەڵ ئەو بەرەی کە پێی دەگوترا بەرەی سوسیالیست. دووایە جووڵانەوەکانی رزگاریخواز دەستی پێکرد. ئەویش لە وولاتانی ئەفریقا و ئاسیا و لاتین ئەمریکادا. کە حکومەتەکەی بە دەست خۆیانەوە بوو، یان دەستکردیان بوو یان هەر نەبێ دۆستیان بوو.
- خەیاڵ: وەکوو ئەم وولاتانەی خۆمان.
- شەماڵ: وایە، ئەم جووڵانەوانە بەر لە هەر شتێک پەلامار دەدران و ئەوانیش یارمەتی سەرکوتکردنەکەیان دەدا. دووایە، دەهاتن دەرکەیەکیان بۆدەکردنەوە کە هەڵێن. نێویشیان ناوە مرۆڤدۆستی. لە لایەک جووڵانەوەکەیان بێ هێز دەکرد و لە لایەکیترەوە شۆڕشگێڕەکانی ئەو وولاتانەیان دەکرد بە کرێکار و گزکەدەری خۆیان، یانێ رۆحی شۆڕشگێڕییەکەیان لێ دەستاندن. هەر وەها وەکوو شێری دێمۆکلێس ئەو

حکومەتانەشیان پێ دەترساندن. ئەو دەم کەئێمە رۆیشتین ئاوا بوو. کەم بوون ئەوانەی دوای گۆڕانی دەسەڵاتی وولاتەکەیان گەڕانەوە.

- نەوزاد: هی ئێمە هێشتا هەر دەڕۆن.
- شەماڵ: پاش تێکچوونی بەرەی رۆژهەلات ئەو پەیمانەش کە باسم کرد، بایەخی نەما. جوولانەوەکانیش یان سەرکەوتن یان بلاو بوونەوە. ئەو مەبەستانەش نەمان. بۆیە ئێستا نەک هەر دەرکە ناکەنەوە، بەڵکوو دایدەخەن.

(کامێرا لە نزیکەوە- مریشکەکە خوراوە، ئاو بە ئاگرەکەدا دەکرێ و دەبێتە دووکەڵ، هەڵدەستن.)

- بیلال: یانێ ئاو کرا بە ئاگردا و ئەهانێ.
- شەماڵ: من ناڵێم مەڕۆن. ئەوەی پێتان باشە و پێتان دەکری، بیکەن،(بە قامک ئیشارە بە شادی دەکا) بەڵام دووایە پەشیمان مەبنەوە. کاسبی بە ژیانی خۆتان مەکەن.

۳۵- دەرەوە/ کوێستان/ ئێوارە

(دووکەڵی ئاگرەکە لەگەڵ تۆزی شوێن سەیارەی گروپەکە تێکەڵ دەبێتەوە/ رانە ئاژەڵێک رێگای گرتووە/سەیارەکە رادەوەستێ/ شەماڵ دادەبەزێ/ شوانەکە پیرەمێردێکی بالا بەرزە)

- شەماڵ: ماندوو نەبی مامە.
- شوان: خوا ئاگادارتان بێ.
- شەماڵ: دەڵێم، ئەگەر رۆژێک ئیشم پێت بێ، یارمەتیمان دەدەی؟
- شوان: ئیشی وەک چێ؟
- نەوزاد: (لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دابەزیوە و هاتوونەتە دەوری شوانەکە، خەیاڵ لە دوورەوە وەستاوە) پارەیەکی باشمان لێ بستێنی و لە فیلمێکدا دەور بگێڕی.
- شوان: جا منی کەڵکیت بە کاری چی دێم؟
- نەوزاد: مافوورەت پێ دەکوتینەوە. نا، بەگاڵتەمە. چ زەحمەت نییە. منداڵێک لە شانت دادەنی و دەیبەیە ماڵەوە، دوو چای لە کن پوورە پەری دەخۆیەوە و ئەهانێ...

- شوان: (بەرۆکی شەماڵ دەگرێ) ئەتۆ دیارە سەرپەرشتی، مەعاشێکم بۆ ببڕەوە. پێر بوومە، چیتر شوانیم پێ ناکرێ... مەعاش.
- شەماڵ: مەعاشی ئەو مانگەت لەسەر من دوایەش خوا کەریمە. بەیانی لە کوێ پەیدات بکەین؟
- شوان: هەر لەو کوێستانە.
- شەماڵ: ئەوە نابێ. نەوزاد قەرارەکە خۆشکە.

(شەماڵ دەچێ لە تەنیشتی خەیاڵ دەوەستێ و چاو لە دەشتی بەر ئاوایی نێو دۆڵەکە دەکا.)

- شەماڵ: ئێمە بە گشتی ئاوایەکەمان نیشان نەداوە، دەکرێ ئەمە ئاوایەکە بێ. و ئەوە دەشتەکە. دیمەنی ئەم کوێستانە زۆر جوانترە.
- نەوزاد: (لە شەماڵ نزیک دەبێتەوە) کەوتە دووسبەی، دەبێ کەسێک پەیدا بکا رانەکەی بۆ بەرێتە لەوڕ. سبەی دێم بە تەواوی دەیبڕمەوە. (پەنجە بە نیشانەی پارە پێکدا دەسوا)
- باشە بڵێ بەشێکی هەر لەم دەوروبەرە دەبێ.

(خەیاڵ چەند وێنە لە شوانەکە دەگرێ)

٣٦- دەرەوە/نێو سەیارە/ ئێوارە هەتا تاریکان

(شەماڵ و خەیاڵ لە پشتەوە دانیشتوون/ بیلال و عەلی لە پێشەوەن/ ئەوانیتر لە سەیارەیەکی دیکە دان.)

- شەماڵ: لە راستیدا دەبووا کابرا کەتیرەکەن بوایە و هەر ئەو رۆژە کوڕەکەی ببردایەتەوە. بەڵام من هێندێکم گۆڕیوە.
- بیلال: مەگەر ئەو سەناریوەت لە چیرۆکێک وەرگرتووە.
- شەماڵ: ئەوە بەسەرهاتی خۆمە. دیارە بەشێکی زۆریان بۆ گێڕاومەتەوە، خۆم چەند دیمەنی وەک خەون نەبێ. ئەویترم بەبیر نایەتەوە. (چاولە تاریکی دەبڕێ چرای ئاوەدانییەک دیارە ... منداڵێک لە خەیاڵی شەماڵدا بە پێخواسی بە نێو درک و داڵدا دەڕوادەرێ تاریک دەبێ)

- بیلال: چارەنووسە چی لەگەڵ ناکرێ.
- شەماڵ: وەکوومەلا قسە دەکەی. چارە نووس پێنووسی نییە پێی بنوسێ. کاکە برا چارەنووس ئەو دەوروبەرەتە. ئەوەیە بڕیار دەدا. تۆشی لەگەڵ، یانێ تۆیش بڕیار دەدەی بۆ ئەوانی دیکە.
- عەلی: ئیتر هەر کەسێک بۆ شتێک دروست کراوە.
- خەیاڵ: مرۆڤ دەتوانێ هەلومەرجەکە بگۆڕێ.
- شەماڵ: مرۆڤ بە کۆ، بە گشتی، ئا...بە تاک ناتوانی خۆشت چاک بکەی. دە فەرموو، بزانم بە هەمووومانەوە، هەڵۆیەک لەو کویستانە پەیدا کەین. کاتێک نییە، نییە. لە سەحرا ئاو نییە و لە دەریا ئاو هەیە و ناخورێتەوە. ئیتر جارەنووسەکەی کاک بیلالیش ناتوانێ بیگۆڕێ.

(تلەفوونی بیلال زەنگ لێی دەدا و هەموو بێدەنگ دەبن)

### ٣٧- دەرەوە/رۆژ/ شەقامی پێش هۆتێل

(سەیارەیەکی تویوتا دەگاتە بەر دەرکە و رادەوەستێ/ بابی خەیاڵ و برا گەورەکەی تێدان.)

- بابی خەیاڵ: بزانە لەوێیە، بڵێ وەرە بابم بانگت دەکا.
- برا گەورە: شەماڵ بانگ نەکەم.
- بابی خەیاڵ: نە جارێ، بڕۆ.

(براگەورە دەچێتە ژوورەوە)

### ٣٨- ژوورەوە/ رۆژ/ پێشوازی هۆتێل

- براگەورە: ( دەگاتە پێشخوانەکە) ببوورە برام، ئەو گرووپە کە تەسویر دەکەن لێرەن.

- پێشواز: کێ دەپرسێ؟
- براگەورە: من برای ئەو کچەم، خەیاڵ، دەمەوێ بزانم لێرەیە. بابی بانگی دەکا. (دەست رادەکێشێ بەرەو دەرکە.)
- پێشواز: ئەوان بەیانان دەردەچن.
- براگەورە: خەیاڵ دوێنە شەو لێرە ژووری گرتووە؟
- پێشواز: نازانم. تلەفوونەکەیت نییە.
- براگەورە: دایخستووە، وەڵام ناداتەوە. ئەگەر هاتەوە، بڵێ... نا هیچ. خۆم دێمەوە. (دەڕوا)

### ٣٩- ژوورەوە/رۆژ/ ماڵی فیلمەکە(ستۆدیۆ)

(سەماوەرێک لە بەر هەیوان دانراوە. پەری لەلایەکی سەماوەرەکەوە دانیشتووە و قادر لە لایەکیترەوە. مەمۆ لای دەست دایکییەوە دوومشقەی داوە. شوان رووبەڕوویان دانیشتووە. گرووپی وێنەگرتن لەملا و لەولا دانیشتوون و چاو لە کارەکە دەکەن. هەڵمەت و شادی لە تەنیشت یەکتر دانیشتوون و سرتە دەکەن. شەماڵ بەسەر پێیەوەیە و خەیاڵ دیمەنەکە بۆ ئاکتەرەکان شی دەکاتەوە.)

- خەیاڵ: (روو لە جەمیلە) ئەتۆ لەوێ لە تەنیشت قادرمەکە دادەنیشی. پەری چایەکان تێکە! (پەری ئیسکانە بەتاڵەکان لە پێش قادر و شوان دادەنێ). یارمەتی مەمۆ بدە کە چایەکەی لە ژێر پیاڵە بکا. مەمۆ ئەتۆ چاوت لە پێڵاوەکان بڕیوە و چای دەخۆیەوە. مام برزو ئێستا ئەتۆ بڵێ منداڵەکەت چۆن دیتەوە.
- شەماڵ: (لەگەڵ بیلال قسە دەکا) پێت وانییە ئەو رووناکییە دەبێ لەولاترەوە بێ.
- شادی: (لەگەڵ هەڵمەت قسە دەکا) دەشتووانین پارەکەیان لێ بستێنین بدەین بە قاچاخچی. کە گەییشتینە یۆنان خەیاڵ دێ دەمانبا. هەرچی بێ پوورزامە.

- هەڵمەت: ئەو خۆی بە ساڵێک ئینجا بگاتە ئەوێ. ئەوانەی مێردیان کردووە یان ژنیان هێناوە هەموو لانی کەم ساڵێک ماتڵ بوون. پارەی قاچاخچی زۆرە. ئەوەی ئەمان بیدەن بەشی هیچ ناکا.
- شادی: دایکم دەڵێ ماڵەکەمان دەفرۆشێ، دەمداتێ. ئەگەر من رۆیشتم ئەتۆش رادەکێشم.
- هەڵمەت: ئەی دایکت ج دەکا.
- شادی: ئەو دەتووانی بە سەردان بێ بۆ لای من و نەگەڕێتەوە.
- نەوزاد: (لێیان نزیک دەبێتەوە) ئەوە خەیاڵ پڵاوی چ دەکەن. هەستن کۆ کەنەوە با بڕوین.

٤٠- ژوورەوە/ ئێوارە/ هوتێل

(گرووپەکە لە لابی هۆتێل دانیشتوون. خەیاڵ دەچێ کلیلی ژوورەکەی وەرگرێ)

- پێشوازی: ئەورۆ براکەت هاتبوو لێی دەپرسی.
- خەیاڵ: کەی؟
- پێشوازی: پێش نیوەڕۆ، پێم وایە لەگەڵ بابت هاتبوو، بەڵام بابت نەهاتە ژووری.

(کلیلەکەی دەداتێ- خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ لای شەماڵ کە ئەویش بەرەو خەیاڵ دێ. شەماڵ کۆکاکۆلایەکی بە دەستەوەیە )

- خەیاڵ: بابم و برام هاتوون لە دووم.
- شەماڵ: کوا؟ لێرەن.
- خەیاڵ: نا پێش نیوەڕۆ، بەڵام دێنەوە.
- شەماڵ: دەی با بێن چ بوو؟ تۆ بچوە ژوورەکەت، بە ئەوانەش بڵێ، ئەگەر هاتن با بیان نێرێتە لای من.

- خەیاڵ: (دەستی شەماڵ بە کۆلاکەوە دەگریێ و بە قامیشەکە قومێکی لێی دەخواتەوە و هاوکات بە مێهرەبانییەوە چاوی لە چاوی شەماڵ بڕیوە.) شەڕ و هەڵا نەکەی! (دەڕوا)
- شەماڵ: (تلەفوونەکەی دەردێنێ، ژمارەیەک دەگرێ و ماتڵێ وەڵام دەبێ) مەرحەبا کاک **سەرحەد**، لێمان ناپرسی براله. (تاوێک گوێ دەدا) ئەگەر هاتبای چایەکت لەگەڵ خواردباینەوە. کێشەیەکی چکۆلەشمان هەیە باسی بکەین..... چاوەڕوانم، سپاست دەکەم. (تله فوونەکە دادەخا و بەرەو کوڕەکان دەڕوا کە پەرش و بڵاو لە لابی هۆتێل دانیشتوون.)
- نەوزاد: (هەڵدەستێ بەرەو شەماڵ دەڕوا) ئەگەر ئیشت نییە، بامن بڕۆم.
- شەماڵ: نا تاوێک دانیشە با بەرنامەی سبەینێ رێک بخەین.

(کامێرا دوور دەبێتەوە قەرەباڵغی ئێوارەی نێو هوتێل نیشان دەدا کە یەک دوو گرووپی خارجی دانیشتوون، دەخۆنەوە./ سەرحەد بە جل و بەرگی پۆلیسی و دەرەجەی زابتی لە سەر شانەوە پەیدا دەبێ. شەماڵ بەرەوپیری دەچێ. دەست و مشتاقێکی دۆستانە دەکەن. سەرحەد بە ئیشارەی دەست وەکوو باوی نیزامیان چاک و خۆشی لەگەڵ جەماعەت دەکا و لەگەڵ شەماڵ دوو بە دوو لە لایەک دادەنیشن و بە هێواشی قسە دەکن .)

### ٤١- ژوورەوە/ شەو/ هۆتێل

(لە دەرکەوە دایکی خەیاڵ و دوو براکەی دێنە ژوورێ و بەرەو پێشوازی دەڕۆن- شەماڵ ئەمان نابینێ)

- برا ی بچووک: جەماعەت لێرەن. خەیاڵ لێرە نییە.
- دایکی خەیاڵ: (روو لە پێشواز) من دایکی خەیاڵم، پێی بڵێ دایکت هاتووە.
- پێشواز: (ژمارەیەک بە تلەفوونی سەر مێزەکە دەگرێ). ببوورە، دایکت هاتووە.... (روو لە دایکی خەیاڵ) فەرموو ژووری ١٠٢ قاتی یەکەم.
- دایکی خەیاڵ: (روو لە کوڕەکانی) ئێوە لێرە بن هەتا دێمەوە. (دەڕوا)

(کوڕەکان بەرەو گروپەکە و شەماڵ دەڕۆن- شەماڵ دەیانبینێ و هەڵدەستێ)

- سەرحەد: (دەستی شەماڵ دەگرێ) تۆ خۆتی لێی نەبان کە ئێمە ئاگامان لێیان دەبێ.

- شەماڵ: (روو لە کوڕەکان کە دەگەنە سەر مێزەکە) یاللە.. بەخێر بێن، چۆن بووە یادی ئێمەتان کردووە؟ فەرموو...فەرمو دانیشن. (روو لە سەرحەد) ئەمانە براکانی خەیاڵن.
- کوڕە گەورە: گوتمان سڵاوێکتان لێ بکەین و ئیتر...
- سەرحەد: سلام و رەحەمەت، بەخێر بێن.

(کوڕەکان دادەنیشن- شەماڵ ئێشارەت دەدا کە چای بێنن)

- شەماڵ : دایە چۆنە، بابە؟
- براگەورە: باشن سپاس، دایەمان لەگەڵە، چوو سەری خەیاڵ بدا.
- سەرحەد: (روو لە کوڕەکان) ئیش و کار چۆنە؟ مەبەستم چ ئیش دەکەن؟
- برا گەورە: من خوێندنم تەواو کردووە. بە تەمام ئەگەر ئەو ساڵ لە زانکۆ وەرگیرێم. ئەمیش هێشتا ساڵێکی ماوە.

(چای داندەندرێ و دەبێتە هۆی بڕینەوەی قسە)

٤٢- ژوورەوە/ شەو/ ژووری ١٠٢هۆتێل

(خەیاڵ و دایکی بە لاوە بەرانبەر یەکتر لەسەر کەتی خەوەکە دانیشتوون)

- دایکی خەیاڵ: بە خوا ئەو دوو رۆژە بابت دنیای لێ کردوومەتە زیندان. رۆڵە بۆ وا دەکەی.

باش نییە کچ لە هۆتێل بنوێ، خەڵک چمان پێ دەڵێن.

- خەیاڵ: چ بووە دایە؟ (دەستی دایکی دەگرێ) خۆ نەتۆراوم. خۆت هەموو جارێک دەڵی، زاری خەڵک نابەسترێ. ئەودەمیش دەیان کوت کچ نابێ بچێتە مەکتەب، فێری نامە پەڕاندن دەبێ. لەبیرتە. ئەمە ئیشە دایە، زۆر جار بە شەوان ئیش دەکەین. لێرە راحەتم. ئەو دوو جەلاوەش نابینم. نەت هێناون؟

- دایکی خەیاڵ: ڕۆڵە چۆن دڵت دێ؟ براتن. لانی کەم خەبەرێکت دابا، سەرێکت دابا. تلەفوونەکەشت داخستووە.
- خەیاڵ: لەسەر ئیش نابێ کەس تلەفوونی پێ بێ. دواتریش لەبیرم دەچێ هەڵیکەم.
- دایکی خەیاڵ: نازانم سەرت لە خۆت و لە ئێمەش شێواندووە.
- خەیاڵ: ئەمە داهاتووی منە دایە. ئەی ئەو هەموو ساڵە بۆ دەرسم خوێندووە؟ کە بگەمە ئێرە.
- دایکی خەیاڵ: لاوە، لاوە، بەسە. بەو کوڕە بڵێ بێت چاوێکی بە بات بکەوێ، خۆ دوژمنیمان نەکردووە.
- خەیاڵ: دێ، دێ، دامان ناوە سبەی شەو پێکەوە بین. (باوەش بە دایکیدا دەکا)

٤٣- ژوورەوە/ هۆتێل/گەڕانەوە بۆ دیمەنی ٣٧

(سەرحەد ڕویشتووە)

- برا بچووکە: کاک شەماڵ، کارتان زۆر ماوە؟
- شەماڵ: دەکرێ بڵێن گەییشتووینەتە نێو قەدی.
- نەوزاد: (دێتە پێش مێزەکەی شەماڵ) کاکە من ڕویشتم. پێم وایە کۆبوونەوەکەمان دەکەوێتە بەیانی.
- شەماڵ: بیلال و سەرکەوت با ڕاوەستن، ئێوە بڕۆن.

(خەیاڵ و دایکی لییان نزیک دەبنەوە. کامێرا دەکشێتەوە- شەماڵ شانی دایکی خەیاڵ ماچ دەکا و لەگەڵیان بەرەو دەرکەی هۆتێل دەڕوا.)

٤٤- دەرەوە/ دەشتی لای کوێستان/ ڕۆژ- نزیک خۆرئاوا

(گروپی وێنەگرتن ئامادەن بۆ کار، بەڵام قادر منداڵەکان لەوێ نین.)

- شەماڵ: (چاو لە سەعاتەکەی دەکا.) درەنگە، ڕووناکییەکەمان لێ دەگۆڕدرێ.

- نەوزاد: (بە پەلە بەرەو شەماڵ دێ) عەلی تلەفوونی کرد، دەڵێ مەمۆ وون بووە.

- شەماڵ: چی؟

- نەوزاد: وون بووە، مەمۆ وون بووە.

- شەماڵ: لەکوێ؟

- نەوزاد: هەهوو، ئەگەرزانرا با لە کوێیە، وون نەدەبوو.

- شەماڵ: دەڵێم لە کوێ وون بووە.

- نەوزاد: تێ ناگا، لە گۆڕی باوکم.

- شەماڵ: با بچین بیدۆزینەوە، (بەرەو سەیارە دەڕوا) ئەمە ئیتر هەر زۆر زۆرە.

## ٤٥- دەرەوە/بەرماڵ قادر/ئێوارە

(خەجێ دەستی جەمیلەی گرتووە لە بن کۆڵانێکەوە بەرەو کامێرا دێ، پەشۆکاوە. سەیارەی گروپ رادەوەستێ. خەیاڵ باوەش بە خەجێ دا دەکا.)

- خەجێ: هەموو دنیا گەڕاوم، دەڵێی، زەوی قووتی داوە. (دەگری و لووتی بە لوێ سەرپۆشەکەی دەسڕێتەوە. جەمیلەش بە گریانی ئەوەوە دەگری)

- شەماڵ: (بە دیاریانەوە راوەستاوە) عەلی لە کوێیە.

- خەجێ: لەگەڵ قادرو هەڵمەت چوونە ئاسایش خەبەر بدەن. (بەرەو ماڵ بەڕێ دەکەون)

- شەماڵ: کەی زانیتان؟

- قادرخەریک بوو خۆ ئامادە بکا کە بێن بۆ لای ئێوە، عەلی هێشتا نەهاتبوو. مەمۆ پێڵاوی لە پێ کرد و چووە بەر دەرکە. جەمیلە خۆی دەگۆڕی. کە عەلی هات و سیگناڵی لێدا. چوونە دەرێ مەمۆیان بانگ کرد. ئەم لا مەمۆ، ئەولا مەمۆ. نەبوو... بە پێ خواسی هەڵاتمە دەرێ.

- شەماڵ: ئەی دەر و جیرانان، کەس نازانێ.

- خەجێ: بۆ کەس ئاگای لە کەس ماوە؟ (دەگەنە بەر دەرکەی ماڵ.)

- شەماڵ: (روو لە گرووپەکە) هەر کون و کەلەبەرێک شک دەبەن سەری پێدا کەن، هەتا نەیدۆزینەوە دانانیشین. (هەر دوو کەسە و بە لایەکدا دەڕۆن، خەیاڵ و شادی لە لای خەجێ دەمێنێتەوە)

## ٤٦- دەرەوە/شەو/ کۆڵانەکان

( چەند دیمەنی کۆڵانی بەتاڵ و رویشتنی کەسەکانی گرووپەکە. لە یەک دوو جێگا منداڵ لەبەر دەرکەن. شەماڵ و بیلال قسەیان لەگەڵ دەکەن. ئەوان سەر با دەدەن/ دەنگ نابیسترێ، هەوا بەرە بەرە تاریک دەبێ موزیک هەیە. دەگەنە پیاوێکی شێت بە جلوبەرگی شڕەوە)

- شێت: پێتان وا نەبێ کەس نازانێ چ دەکەن؟
- شەماڵ: چ دەکەین؟
- شێت: (دەستی درێژ دەکاتەوە) بدە تا بڵێم! (شەماڵ پارەی دەداتێ) هەڵدێن... (دەڕوا و لایەک دەکاتەوە) بۆهیچ.
- شەماڵ: (رادەوەستێ پاش ایستێک دەگەڕێتەوە) ئێمە لەمنداڵێکی ون بوو دەگەڕێین، تۆ نازانی لەکوێ بیدۆزینەوە؟
- شێت: (ئاور دەداتەوە و دەستی رادەکێشێ) بدە تا بڵێم. (شەماڵ پارەی دەداتێ) نازانم. (دەڕوا)
- شەماڵ: ( لە بیلال دەپرسێ) ئەوە کێیە؟
- بیلال: (بە دەم رۆیشتنەوە) ئەوە خولە شێتە پێدەڵێن "بدە تا بڵێم" کاتی خۆی گرتوویانە، لە ژێر ئەشکەنجەدا شێت بووە.
- شەماڵ: (لەبەر خۆیەوە)کێ دەڵێ ئێمە شێت نین و ئەو عاقڵ. هەر کەس دنیا لە چاو خۆیەوە دەبینێ. (بەردەوام دەبن لە گەڕان)
-

٤٧- دەرەوە/ پێش چایخانەیەک/ شەو

(شەماڵ و بیلال دەگەنە پێش چایخانە، نەوزاد و سەرکەوت لەوێ دانیشتوون.)

- شەماڵ: یانێ بە دووی مەمۆدا دەگەڕن.

- نەوزاد: وەرە دانیشە، ئەوەی بە رۆژدا نەدیتراوە بە شەو نابیندرێتەوە. (شەماڵ و بیلال دادەنیشن)

- هەڵمەت: دەڵێن کابرایەک کلیلی ماڵەکەی لێ وون ببوو، لە ژێر رووناکی نیو کۆڵان لێی دەگەڕا، یەکێک پرسی: لە چ دەگەڕی؟ گوتی کلیلەکەم. پرسی: لەکوی ونت کردووە. گوتی لەو کۆڵانەی پێش ماڵی خۆمان. پرسی: ئەی بۆ لێرە لێی دەگەڕی. گوتی: ئاخر ئەوێ تاریکە. (هەموو پێدەکەنن شەماڵ پێ ناکەنێ و جگەرەیەک پێدەکا- چایچی چای دێنێ)

- نەوزاد: (بە تلەفوون قسە دەکا) بەڵێ کاک عەلی! ...... ئەی باشە با بزانم رەییس چ دەڵێ؟ هاتوونەتەوە دەڵێ چ بکەم؟

- شەماڵ: با خەیاڵ و شادی بەرێتەوە. ئێمە فکرێک بۆ خۆمان دەکەینەوە.

- نەوزاد: بیستت. دووایە تۆش فکرێک بۆ خۆت بکەوە.

(خولەشێت پەیدای دەبێ)

- خولە: پێتان وا نەبێ کەس نازانێ چ دەڵێن.

- شەماڵ: چ دەڵێین؟

- خولە: (دەستی رادەکێشێ) بدە تا بڵێم! (شەماڵ پارەی دەداتێ) خەون دەبینن.

- شەماڵ: دانیشە چایەک بخۆوە!

- خولە: (لەزەوی دادەنیشێ، بانگی چایچی دەکا) چایەک بۆ ئەو مامۆستا بێنە، من دەیخۆمەوە. ها...ها..ها

- نەوزاد: نەت پرسی چمان کرد؟

- خولە: من ناپرسم.... لەبەر خۆیەوە. منداڵ، ...کوا منداڵەکە؟

- نەوزاد: (دەست رادەکێشێ بۆ خولە) بدە تا بڵێم.
- خولە: (دەست دەکا بە بەخەڵیدا) بڵێ تا بدەم. (خۆی دەخورێنێ)
- نەوزاد: بدە تا بڵێم
- خولە: (پارە دەردێنێ و بە ددان دەیگرێ) دەی!
- نەوزاد: نەماندیتەوە
- خولە: (شێتانە پێدەکەنێ) ئەوەش لە خۆمانە... هاهاها (چایەکەی هەڵدەقرتێنێ و هەڵدەستێ، بە پێکەنینەوە و بە دەم رێگاوە.) مەترسە خولە بە تەنێ نامری.

٤٨- دەرەوە/نێو سەیارە/شەو

- عەلی: ئاسایش چ دەکا. دەپرسن: کەی لە کوێ، چۆنە، ماڵتان لە کوێیە و...؟ دەینووسن و برۆ بە خێر چی. ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین.
- خەیاڵ: وەکوو چیرۆکەکەی لێهات سبەینی دەبیندرێتەوە...... کاک عەلی من ببەوە ماڵی خۆمان.

٤٩- ژوورەوە/ شەو/ رستورانێکی هەرزان

(شەماڵ و بیلال و سەرکەوت و نەوزاد دانیشتوون. خواردن و خواردنەوەیان لە پێشە. دەنگ و هەرا و موزیک تێکەڵە.. تلەفزیۆنێک بە دیوارەوەیە، کلیپی قەرەجە بەڕبەڕەکان نیشان دەدا)

بیلال: (پەرداخەکەی بەتاڵ دەکا) کاکە ئەمن دەڕم. ئێوە سەڵتن، من دەبێ بە ژن و منداڵەکەشمدا رابگەم.

شەماڵ: خۆشە کەسێک چاوەڕوانت بێ... شەو باش.

هەموو: شەو باش

شەماڵ: سەرکەوت من وەمدەزانی ئەتۆ ژنت هەیە؟

سەرکەوت: هەمبوو... خودا رەحمەتی کا. بەجێ هێشتم.

شەماڵ: چۆن؟ تێناگەم. مردووە؟

سەرکەوت: تەڵاقی سەند و ڕۆیشتەوە. خەڵکی ئەودیو بوو.

شەماڵ: ئەتۆ خەتابار بووی یان ئەو؟

سەرکەوت: (دەخواتەوە) هیچمان. دایکم... دایکیشم نە... ئێرەیی ژنە جیرانەکان... بێژەر بوو، پێکەوە لە تلەڤزیۆن کارمان دەکرد. خەڵک پێوایە ئەگەر ژن لە شاشە دەرکەوت، ئیتر خەلاس. من گوێم نەدەدا. بەڵام دایکم قسەی ژنە جیرانانی بە هەند وەردەگرت و دەیکردە تاڵ و زاخ لەگەڵ ئەو. ئیتر... ڕۆژێک و دووان و یەک مانگ و دوو مانگ نەبوو.

نەوزاد: (لە دەست بە ئاو هاتووەتەوە دادەنیشێ و قسەکەیان پێدەبڕێ) ئەرێ کوا، خواردنەکەی من نەهات؟

شەماڵ: مەترسە بە برسیەتی نامری.

نەوزاد: ئەرێ ئەتۆ بۆ یەکێک لەو قژکاڵانەت لەو هەندەرانە نەهێناوە.

شەماڵ: خۆ لە دووکان دانەنراوە بچی بیکڕی. دەبێ ئەویش بە تۆ ڕازی بێ. ئەوەش خەونی بەتاڵە. ئەی ئەتۆ بۆ بە زوگورتی هەڵدەبەزییەوە؟

نەوزاد: ژن بێنم و منداڵم بێ و بچیتە کۆڵان و وون بێ... نە کاکە من تاقەتی ئەو بەزمەم نییە.

شەماڵ: بەڵام هەر دەبێ بیدۆزینەوە... دا تلەفوونێک بۆ کوڕەکەی قادر بکە.

٥٠- دەرەوە/ شەو/دەشتێ تەنیشت ئاوەدانی

(خەجێ چرایەکی بە دەستەوەیە بە نێو دەشتەکەدا دەڕوا و بانگی مەمۆ دەکا. هەر کۆسپێک، بنە کیایەک دەبینی وەدەزانێ ڕەنگە مەمۆ بێ. جەمیلە بە دوویدا دەڕوا و بە لوشکەی گریانەوە بانگی مەمۆ دەکا.)

- خەجێ: مەگری ڕۆڵە شەوە باش نییە. (بەردەوامن لە گەڕان)

### ٥١- ژوورەوە/هۆتێل/ڕۆژ

(شەماڵ جل و بەرگی نارێکی هەیە، نیوە مەست جگەرە بە دووی جگەرەدا دەکێشێ و لە پاڵ مێزێک لە پشت پەنجەرەی رستورانی هۆتێل دانیشتووە. خەیاڵ پەیدای دەبێ.)

- شەماڵ: ڕۆژ باش
- خەیاڵ: ڕۆژ باش (دادەنیشێ) چۆنی؟ حاڵ و خەبەر چییە؟
- شەماڵ: هیچ. قادر تاو نەتاو سەری ئاسایش دەدا و خەجێ بە کۆڵاناندا دەخولێتەوە... لای تۆ چ هەیە؟
- خەیاڵ: پورە پەری هەواڵەکەی بە دایکم و ئەوان گوتووە، خۆیان لە هەموو شتێک کەڕ و کپ کردووە.... دەتەوێ چ بکەی؟
- شەماڵ: ئەگەر هەتا سبەینی نەدۆزرێتەوە، دەبێ بچمە سەر ئەو مەنارە خۆم بخەمە خوارەوە.

(ماوەیەک بێدەنگی)

- خەیاڵ: جەماعەت چ دەکەن؟ (شەماڵ شان هەڵدەتەکێنێ)

### ٥٢- حەوشی ماڵی قادر/ ڕۆژ

(خەجێ دانیشتووە دەرمانە سوورە لە پێیە بریندارەکانی دەدا. قادر لەسەر کەتە شکاوەکە دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ و شولێکی بە دەستەوەیە لە لاقی خۆی دەدا. هەڵمەت لە زەوی دانیشتووە و خەریک مۆبایلەکەیەتی.)

- خەجێ: ئەوە سێ ڕۆژە، کۆڵان نەما نەگەڕم، ماڵ نەما لە دەرکەی نەدەم کونە ڕیوی نەما سەری پیدا نەکەم، (بە گریانەوە) لە کوێی مەمۆە کۆرپەکەم. وا ماڵەکەت چوڵ کردووە.
- قادر: کەس ناڵێ، ئەمن چم بەم قور بە سەریە دابوو، سینەما، سینەما.
- خەجێ: (بە تەسخەرەوە) بڵێ پارە، پارە.

- هەڵمەت: خارجەکەی ئێمەش تیاچوو.

- قادر: (شوولەکە بەرز دەکاتەوە و بەرەو هەڵمەت هێرش دەبا) هەستە گوم بە، خارج، خارج!

(هەڵمەت بەرەو دەرکە هەڵدێ، دەرکە دەکاتەوە. هەر لەو کاتەدا شەماڵ لە پشت دەرکەیە. شەماڵ دێتە ژووری، خەیاڵ بە دوویدا. خەجێ هەڵدەستێ دێتە پێشەوە، بە مشت لە سینگی شەماڵ دەدا.)

-خەجێ: ئەمن کوڕەکەمم لە تۆ دەوێ، لە تۆ. (دەگری و سەر لە سینگی خەیاڵ دادەنێ کە لە پشتەوە شانی گرتووە.)

- شەماڵ: هەواڵێکی خۆش و ناخۆشم هەیە. مەمۆ هیچی لێنەهاتووە، ساغ و سەلیمە.

- خەجێ: کەی؟ لە کوێیە؟ کوانی؟

- شەماڵ: تۆزێک سەبرت هەبێ. ئەو ڕۆ ژنێکی محەجەبە نامەیەکی لە پێشوازی هۆتێل داناوە، بۆ من. مەمۆ دزراوە. داوای سی دەفتەریان کردووە. (خەجێ لە باوەش خەیاڵدا دەبووریتەوە).

- قادر: ئەی قوڕم بەسەر.

- هەڵمەت: ئای لەو کاسبییە!

- خەیاڵ: هەڵمەت نەختێک ئاو بێنە.

- شەماڵ: کاک قادرویستم بزانم رات چییە، بە ئاسایش بڵێین یان نە؟

- قادر: ئاسایش خۆی تێکەڵ بکا، دەیکوژن.

- شەماڵ: (چاو لە کاغەزەکە دەکا)ژمارەیەکیان نووسیوە کە تلەفوونیان بۆ بکەین، ژمارەکە بدەین بە پۆلیس دەزانێ، تلەفوونی کێیە.

- هەڵمەت: هەی. من ئەم ژمارەی خۆمم لە بازاڕی مۆبایل فرۆشان کڕیوە خوا دەزانێ هی کێیە و چەند دەست گەڕاوە.

- خەجێ: (بە نسکە نسک) ئەو ژنەی جیرانمان گوتی منداڵان دیتوویانە سواری پیکاپ بووە، باوەڕم نەکرد. ئاخر قسەی هەڵە زۆر دەکا.

- شەماڵ: چۆن پیکاپێک بووە؟ کێی تێدا بووە؟

- خەجێ: هیچیان نەدەزانی، بۆیە باوەڕم پێیان نەکرد.
- شەماڵ: خەیاڵ، وەرە بابچین ئێمەش پرسیارێکیان لێبکەین.

٥٣- دەرەوە/ماڵێک لە کوێستان/رۆژ

(لە حەوشی ماڵەکەدا کە لە چۆڵەوانییە، پیکاپێک داپۆشراوە. ژن و پیاوێک لەسەر پلێکانی نێو حەوشەکەدا دانیشتوون. پیاوەکە مۆبایلێکی بە دەستەوەیە.)

- ژن: تله فوونیان نەکرد؟
- پیاو: دەیکەن، پەلەم نییە، ئەوان کاریان بە منە.
- ژن: ئەو منداڵە بەستە زمانە بەرگەی ئەم هات و رەهاتە ناگرێ.
- پێاو: ئێستا چ دەکا؟
- ژن: خەوتووە. خواردن زۆر کەم دەخوا، هەر دەگری و دایە دایە دەکا. دایکت بمرێ، دەترسم لەدەست بچێ.
- پیاو: ئەوە ئیتر لە ئەستۆی تۆیە. دەبێ ئاگات لێی بێ. دە دەفتەر پارەیە.
- ژن: ئەتۆ گوتت سی دەفتەر!
- پێاو: ئەی ئەوانیتر؟
- ژن: ئەوان کێن؟ وا دیارە ئیشەکە زۆر گەورەیە من خەبەرم نییە.
- پیاو: ئەوە ئیشی تۆ نییە کە بیزانی. (هەڵدەستێ)
- ژن: سەرمان بە بەڵەچەیەکەوە نەنێی باشە.
- پیاو: چەنێ کۆڵ هەڵگرم و ئەم دیو و ئەو دیو بکەم. پشتم شکا. یەک جار کارێکی گەورە بکە و قوتار.
- ژن: هەرچی بوو، نانی حەڵاڵ بوو.
- پیاو: (لاق لە زەوی دەکوتێ) هەر منم حەرام خۆرم. ئەی ئەوانە کە بە گەزی گەورە دەیبەن.

- ژن: بێکەسی وەک ئێمە بە داوەکەوە دەبن.
- پیاو : تۆ ئاگات لە کوڕەکە بێ و کەم بدوێ. نەهێڵی لەو ژوورە بێتە دەرێ. دەنا دێم دەست و لاقی دەبەستم. (ژن دەچێتە ژووری)

## ٥٤- ژوورەوە/ هۆتێل/ڕۆژ

- سەرحەد: (قومێک لە کۆلاکەی دەدا. ڕوو لە شەماڵ) ئەگەر پیکاپ لە بەر ماڵی خۆیان سواری کردووە، کاری ئاشنایە. بەکاری فیلمەکەشتان دەزانن. دەنا بۆ نامە بۆ تۆ دەنێرن، بۆ نەیانناردووە بۆ بابی.
- - شەمال: پییان وایە من ملیۆنێرم.
- سەرحەد: خۆت شکت بۆ کێ دەچێ؟
- شەماڵ: کەس!
- سەرحەد: ئەمن دەبێ لەگەڵ هەموو ئەوانە کە تێکەڵی ئیشی ئەو فیلمەن قسە بکەم. خەبەریان بکە بەیانی بێنە ئێرە. لە پێشدا بە هیچکامیان مەڵێ کارت چییە. کە هاتنە ئێرە هەڵیان گرە بیانهێنە لای من. ئاگات لە تلەفوونکەکانیشیان بێ.
- شەماڵ: تلەفوون بۆ ئەو ژمارە نەکەم؟
- سەرحەد: نا، خۆیان پەیوەندی دەکەنەوە. بەڵکوو ڕێچکەیەکمان گیر بێ.

## ٥٥- ژوورەوە/ شوێنی پۆلیس/ ڕۆژ

(گرووپەکە و ئاکتەرەکان هەموو لەوێن – دێن و دەچن و دادەنیشن و هەڵدەستن. )

- نەوزاد: (لە بیلال دەپرسێ) کێ لە ژوورێیە؟
- بیلال: قادر.

(بانگی شوان دەکرێ)

۵۶- ژوورەوە/ ماڵی کوێستان/ رۆژ

(ژن سەری مەمۆی لە کەوشی داناوە، دەستی پێدا دێنێ. پیاو دێتە ژوورێ)

- پیاو: ئەو حەبانە چاکی دەخەوێنێ. خواردنت کردووە؟
- ژن: بە چی خواردن بکەم؟ نان هەیە و تەماتە. چووبایە ماڵەوە هێندێ برنج و رۆنت هێنابا!
- پیاو: جارێ نابێ دەرکەوین.
- ژن: ئەی خەڵک ناڵێن ئەوانە چییان لێهات؟
- پیاو: ئەی نەمانگوت دەچینە ئەودیو لای خزمان. (هەڵدەستێ) دەچم کەنگەران بێنم.

۵۷- ژوورەوە/شوێنی پۆلیس/رۆژ

(جەماعەت کەم بوونەتەوە.)

- نەوزاد: ئەوە چییە هەرکەس دەڕوا ناگەڕێتەوە. لە ژووریان دەکەن؟
- سەرکەوت: بە دەرکەی دیکەدا بەڕێیان دەکەن کە ئێمە نەزانین چ دەپرسن.
- نەوزاد: نەخێر بووەتە راستی، راستی. لە برسان مردم. (روو لە شەماڵ) فیلم ئەمەیە کاک شەماڵ.

۵۸- ژوورەوە/ ماڵی کوێستان/ ئێوارە

(ژن لە بەرهەیوانی ماڵەکەدا ئاوی گەرم کردووە. چایەکی زەرد تێدەکا. هێندێ گیای تێکەڵ دەکا. دەیشێوێنێ و سافی دەکا و دەیبا دەیدا بە مەمۆ. مەمۆ مات پاڵی داوەتەوە.

- ژن: ئەوە بخۆ رۆڵە سبەینی دایکت دەبینینەوە.

۵۹- دەرەوە/ کۆڵانەکانی شار/ شەو

(شەماڵ بێواز بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێ و جار جار سەرهەڵدێنێ چاو لە پەنجەرە رووناکەکان دەکا. یەک دوو شەقام دەڕوا دەگا بە خولە)

- شەماڵ: ئەوە چ دەکەی خولە ؟
- خولە: (دەست رادەکێشێ و دەستی دەباتەوە دوواوە) لە دۆستەکەم دەگەڕێم، ئەو شەو نەهاتووە.
- شەماڵ:دۆستەکەت؟
- خولە: پشیلە، پشیلەیەک دۆستمە، من خواردنی دەدەمێ ئەویش دۆستایەتیم دەکا. دەمیاوێنێ. میاو...میاو
- شەماڵ: رەنگە وەبەر سەیارە کەوتبێ!
- خولە: دەیانەویست منیش وەبەر دەن. تۆ سەیارەت هەیە؟
- شەماڵ: نە.
- خولە: تویش وەبەر دەدەن. (دەڕوا) میاو... میاو
- شەماڵ: (بەردەوامە لە سەرگەردانی نێو کۆڵانەکان. لەبەر خۆیەوە) میاو... میاو... خۆزگە بە تەمای پشیلەیەک بام.

## ٦٠- ژوورەوە/ ژووری خەیاڵ/ شەو

(خەیاڵ خەریک تەواشاکردنی وێنەکانی فیلمەکەیە)

## ٦١- ژوورەوە/ ماڵێ قادر/ شەو

(قادر بە بێوازی دانیشتووە. خەجێ بە شانداکەوتووە و خەوی لێکەوتووە. چرایەکی گردسۆز دایسێ)

## ٦٢- ژوورەوە/ ژووری شەماڵ لە هۆتێل/ شەو

( بۆتڵی بەتاڵ و کیسە چیپسی هەڵدڕاو و تەپڵەکی پڕ لە قوونچکە جگەرە و.. لەسەر مێزەکەیە- شەماڵ نیوە مەست لە سەر کەتی خەوەکە راکشاوە، دەستێکی لە ژێر سەری داناوە و بە تلەفوون لەگەڵ خەیاڵ قسە دەکا)

- شەماڵ: ئم... پێت وایە ئەگەر من بڕۆم، دەیدەنەوە؟
- خەیاڵ: (دەنگ لە تلەفووندا) لە راستیدا ئەوان پارەیان لە تۆ دەوێ، دەنا دەزانن دایک و بابی هیچیان نییە... کە تۆ دەرباز بی، ئیتر منداڵیان بۆ چییە؟
- شەماڵ: ئەی فیلمەکە؟ ئەی ئارەزووەکانم؟ ئەی من و تۆ؟
- خەیاڵ: بەیانی دێم قسەی لێدەکەین.

٦٣- دەرەوە/ ماڵی کوێستان/شەو

(پیاو لە حەوشدا دێ و دەچێ و گیای سەر پیکاپەکە لا دەبا- ژن مەمۆی لە باوەش کردووە دێتە دەرێ.)

- پیاو: ها... چییە دیسان.
- ژن: ئەو بەستە زمانە زکچوونێکی پیسی گرتووە، دە جارم بردووەتە سەر ئاو. تای هەیە.
- پیاو: لەو لای حەوشە داینێ، مەیبە دەرێ. (سەیارەکە هەڵدەکا) من دەڕۆم، زوو دێمەوە.

٦٤- ژوورەوە/ژووری شەماڵ لە هۆتێل/ رۆژ

- شەماڵ: (جانتای داناوە، زۆر بە بێوازییەوە، جلەکانی تێیدا دادەنێ. خەیاڵ چاو بە دوویدا دەگێڕێ) ژیانی من هەر وا بووە، لە هەر کوێ سنگێک داکوتم، هێشتا خێوەتم هەڵنەداوە، دەبێ بە جێ بێڵم... دەچم بۆ دەریا ئیشک دەبێ.

- خەیاڵ: هێشتا هیچ نەبووە، خەریکی کۆڵ دەدەی... وەکوو پیرە ژنان بۆڵەت دێ. ماوەیەک دەڕۆی و دییەوە. چ بوو؟

- شەماڵ: خۆزگە بەو ئاسانییە بڕوا... گومانم هەیە. (شریتەکانی فیلمەکە کۆ دەکاتەوە)

- خەیاڵ: ئەوانە بۆ دەبەی؟ خۆ ناتەوێ فیلمی ناتەواو بەریتە فستیواڵ.

- شەماڵ: تەواویش بێ من ئەهلی فستیواڵ نیم. ئەمانە بەشێک لە ژیانی منن.

- خەیاڵ: با ئەو بەشە لای من بێ... بە بارمتە بۆ هاتنەوەت.

(شەماڵ شریتەکان لە لاوە دادەنێ و خانتاکەی دەبەستێ و دێ باوەش بە خەیاڵدا دەکا)

- شەماڵ: هەر کە دۆزرایەوە، خەبەرم کە... باش؟

- خەیاڵ: ژمارەی کابراشم پێ بدە. رەنگە پێویست بێ.

- شەماڵ: (نامەکە دەدا بە خەیاڵ) لەگەڵ سەرحەد پەیوەندیت راگرە. ئەو منداڵ دزانە هەموو شتێکیان لە دەست دێ،... (چەپکێ پارە دەردێنێ دەیدا بە خەیاڵ) ئەوەش با لای تۆ بێ. ئەگەر درەنگ هاتمەوە، پارەی ئەو خەڵکە بدە. نامەوێ بڵێن هەڵات و لە بیری کردین.

- خەیاڵ: ئەی خۆت؟

- شەماڵ: من بەوە فێرم لە سفرەوە دەست پێبکەمەوە. خەمت نەبێ. (جانتاکەی بە شاندا دەدا و لە دەرکە دەچێتە دەرێ. خەیاڵ لە ژوورەکەدا دەمێنێتەوە، شریت و پارەکان جێ بە جێ دەکا)

٦٥- ژوورەوە/ ماڵی کوێستان/ رۆژ

- ژن: ئەو کوڕە دەبێ بچێتە لای دوکتور، ئاوا بڕوا لە دەست دەچێ.

- پیاو: جارێ هیچی لێنایێ، دەرکەی لێداخە تا دێینەوە. هەستە بابڕۆین. ئەوانە خۆیان لێ گێل کردووە، کە بەڵکوو ئاسایش بمانبینێتەوە. ئەو نامە دەبەین دەیخەینە نێو ماڵی بابی. (ژن چارشێو لە سەر دەکا و مەمۆ لە باوەش دەگرێ) بۆ کوێ دەبەی؟

- ژن: بۆ لای دوکتور، من ناهێڵم بمرێ. (زۆر بە توورەییەوە) ئەگەر بمرێ تویش یەک قەرەپۆڵت چنگ ناکەوێ.
- پیاو: ئەی ئەگەر ناسییانەوە.
- ژن: (بە دەم رۆیشتنەوە) نایبەمە نەخۆشخانە، دەیبەمە دوکتوری ئەهلی.

## ٦٦- دەرەوە/ رۆژ/ شەقامێکی شار

(پیکاپەکە لە ترافیکی پشت چرا سوور راوەستاوە) منداڵی بنێشت فرۆش لە جامی پیکاپەکە دەدەن. دەستەیەک منداڵ بە جلی تایبەتی مەکتەبەوە بە پیادەرێیەکەدا تێدەپەڕن. پۆلیسێک دەفتەرێکی بە دەستەوەیە بە نێو سەیارەکاندا دەگەڕێ. پیاو چاوی لە دووی پۆلیسەکە خستووە. چرا سەوز بووە و سەیارەکانی پێشێ رۆیشتوون. لە پشتەوە سیگناڵ لێدەدەن. پۆلیسەکە دەگاتە پیاوەکە. ژن چارشێوەکەی بەسەر مەمۆدا دەدا. پۆلیس بە ئیشارەت بە پیاو دەڵێ بڕۆا! دەڕوا)

## ٦٧- ژوورەوە/ ژووری چاوەڕوانی دوکتور/رۆژ

( ژن منداڵەکەی بە باوەشەوەیە، دێتە ژوورێ. خەڵک و منداڵی زۆر چاوەڕوانن. لە لای دەست ژنێکەوە دادەنیشێ. و مەمۆ لە لای دەستییەوە دادەنێ. پاش تاوێک بە ژنەکەی تەنیشتی)

- ژن: خۆشکێ توخوا ئاگایەکت لەو منداڵە بێ، هەتا دەچمە دەست بەئاو.
- ژنی ٢: لێرە توالێت نییە کنا.
- ژن: لەو ماڵەی بەرانبەر هەیە. (بە پەلە دەچێتە دەرێ)

## ٦٨- دەرەوە/ نێو شەقام/ رۆژ

- ژن: (بە رفان دێتە نێو پیکاپەکەوە. پیاوەکە دانیشتووە) بڕۆ، خێرا بە! پۆلیس منداڵەکەی ناسییەوە.
- پیاو: چۆن؟
- ژن: من خۆم لێ نەبان کرد و خۆم وون کرد. بڕۆ. (پیکاپ دەڕوا)

- پیاو: ریسەکەت لێ کردینەوە خوری... بە خۆڕایی نییە ئەو هەموو ژنە دەکوژرێ.... (ماوەیەک بێدەنگی) دەتبەمە ماڵی دایکت. ماوەیەک خۆت وون کە.
- ژن: ئەی تۆ، چ دەکەی؟
- پیاو: نەزانی باشترە.

٦٩- دەرەوە/ مەتار/ شەو

(شەماڵ لەگەڵ مسافرەکان سواری پاسی نێو مەتار دەبێ.)

٧٠- ژوورەوە/ شەو/ ماڵێ قادر

(مەمۆ لای دەست بابییەوە دانیشتووە. چەند کەس میوان بە دەورە دانیشتوون. خەجێ چای تێدەکا. تلەڤزیۆن، وێنەی قادر و مەمۆ نیشان دەدا و ئەفسەرێکی پۆلیس قسە دەکا، دەنگ لە هەرای خەڵکەکەدا باش نابیسترێ.)

- دەنگی تلەڤزیۆن بڕکە بڕکە: ئەو منداڵە کە دزرابوو.... رێ تێ ناچی دزرابێ....هەتا ئێوارێ لە نەخۆشخانە ...

٧١- دەرەوە/ نێو شەقامێک/ شەو

(پیکاپەکە لە شوێنێک رادەوەستێ. ژن تێیدا نییە. پاش تاوێک براگەورەی خەیاڵ لە نێو جامەکەوە دەبیندرێ. دەرکە دەکاتەوە دێتە نێو پیکابەکەوە.)

- براگەورە: بۆ هاتوویە ئێرە؟
- پیاو: گوتم منداڵەکە نەخۆشە. لە نەخۆشخانە پۆلیس ناسیویەتەوە، بەڵام خێزانم بەجێ هێشتووە. ئەویان نەدیتووە.

- براگەورە: دیتم لە تلەڤزیۆن پیشانیان دا. بێ مێشک. ئەگەر شتێک بوو، نێوی ئێمە بەری خۆت دەزانی، سەر وماڵت رۆیشتووە.
- پیاو: کەس بە منی نەزانیوە، لە خێزانیشم دڵنیا بە.
- براگەورە: بڵێ نەترسێ ئەگەر چووە زیندان، زوو دەری دێنین.
- پیاو: من ماوەیەک دەڕۆم، ئەوەش تلەفوونەکەت، دووجاریان تلەفوون کردووە، وەڵامم نەداوەتەوە. (براگەورە، تلەفوونکە وەردەگرێ. کارتەکەی دەردێنێ، دەیشکێنێ و فرێ دەدا و دەچێتە دەرەوە.)

## ٧٢- ژوورەوە/ ماڵی فیلمەکە/ رۆژ

(خەیاڵ گرووپەکەی کۆ کردووەتەوە. پەرش و بڵاو، هەر دوو کەس لە لایێکەوە.)

- خەیاڵ: (روو لە بیلال بە دەنگی نزم) ئەگەر ئەتۆ ئاگات لە وێنەکان بێ، من چیرۆکەکە جێبەجێ دەکەم.
- بیلال: ئەی شەماڵ؟
- خەیاڵ: ئەو ... کەس نازانێ کەی دێتەوە. وەرزەکەمان لێ دەگۆڕدرێ.
- بیلال: باشە.
- خەیاڵ: (بە دەنگی بەرز) تکایە کۆ بنەوە بزانین چ دەکەین؟ (جەماعەت بە بۆڵەبۆڵ دەوری خەیاڵ دەگرن) من فیلمەکە تەواو دەکەم. پارەکەشتان لە ئەستۆی من. کامێرا دەکشێتەوە، دەنگەکان تێکەڵی موزیک دەبن.

## ٧٣- ژوورەوە/ ماڵی فیلمەکە/ رۆژ

(دێکۆری دیمەنی ٣٥- قادر و پەری لەم لا و ئەولای سەماوەرەکە، مەمۆ چاوی لە پێڵاوەکان بڕیوە و...)

خەیاڵ: مام برزو نۆبەی تۆیە. بێدەنگ! (ئیشارە دەدا بە کامێرا)

- مام برزو: (*دەبێتە شێوەی فیلم*) قوربان وەم زانی جندۆکەیە، ئایەتەلکورسییەکم خوێند و لیی نزیک بوومەوە. دیتم ئەو کوڕە جوانەیە. دەنسکایەوە. هێندێکم ئاو دایە و لە سەر شانم دانا، خەوی لێکەوت. چار نەبوو دەبوا رانەکە بەرمەوە گوند. ئیتر بەیانی هاتم جاڕم دا خەڵک پێیان گوتم منداڵی ئێوەیە. خوا نەیستێنێ، زۆر ژیر و ژیکەڵەیە.
- خەیاڵ: (چاو لە نووسراوەکانی دەستی دەکا) زۆر باشە، کاک قادر ئێستا ئەتۆ چیرۆکەکە بگێڕەوە!
- قادر: (*دەبێتە شێوەی فیلم*) دەڵێن کابرایەک منداڵی وون ببوو، دای جاڕیان دا هەرکەس منداڵەکەی بهێنێتەوە، هەزار دیناری دەداتی. کابرا کە منداڵەکەی دیتبووەوە، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە ئەو رۆ هەزار دەدا، سبەی دوو هەزار دەدا. منداڵی راگرت، سبەینەکەی دیتی جارچی جاڕی نەدا. هەستا چووە لای بابی منداڵەکە گوتی منداڵەکەت لای منە مزگێنییەکە بدە بۆت بێنمەوە. بابەکە گوتی، دوێنێ هەزار دینارم دەدا کە شەوێک لە دەرەوە نەخەوێ، ئێستا ئیتر یەک دیناریش نادەم.... بەڵام من مزگێنییەکەت هەر دەدەمێ.
- خەیاڵ: باشە. مەمۆ نۆبەی تۆیە.

(دەبێتە رەش و سپی)

- مەمۆ: (بە تەوژم هەڵدەستێ، دەچێ پڕ بە پێڵاوەکاندا دەکا) نۆبەی منە، ئێستا نۆبەی منە. (بە غاردان بەرەو دەرکەی حەوش دەڕوا.)
- جەمیلە: . (بە دوایدا هەڵدێ) داااااایە!

## ٧٤- دەرەوە/ کوێستانی کۆرین/ نزیک خۆرئاوا (بۆ ژێر تایتڵ)

(شوان مومۆی لە سەرشان داناوە، /مەمۆ جلی فیلمەکەی لەبەردایە/ رانە مەڕەکەی وەپێش خۆی داوە بەرەو ئاوەدانی دەڕوا. خولە شێت چاوی لەو دیمەنە بڕیوە.)

تەیفور   زستانی ٢٠١٠